# قۆناغی چاکسازی

## قۆناغی ( گەندەڵ بوونی)

## حزبەکان و دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد



سامان ئەحمەد

### کێشە دەروونیەکانی ناسیۆنالیزمی کورد

ناسیۆنالیزمی کورد هەر لە بنەڕەتەوە لەڕووی سیاسی ـ کۆمەلایەتیەوە بزووتنەوەیەکی کۆنە پەرستی عەشیرەتی بووە.ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی پێکهاتە کۆمەلایەتیەکەیەوە پێشتر دەرگیری کۆمەڵێك کێشەی فکری و سیاسی و چەکداری قووڵ بووە، هاوکات لە سەردەمی ئەمڕۆدا لەگەڵ خۆیدا دەرگیری کۆمەڵێك کێشەی تر بووەتەوە کە چارەنووسی ئەم بزووتنەوەیەی پێوە بەستراوە.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا ململانێی دەسەلاتی حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان بەتاییەت یەکێتی و پارتی زەقترین مەترسیدارترین قۆناغی کێشەو ململانێی ناو حزبەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بووە کۆمەڵگای کوردستانیان دەرگیری شەری ناوخۆ کردەوە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئەم ململانێ حزبیە دەروونیەی غەیرە کۆمەلایەتی و نائینسانیەی ناسیۆنالیزمی کورد بە ئاستێك سایەی بەسەر سیاسەت و عەقڵیەتی ئەم حزبانەدا کێشابوو کەبوو بووبە هەموو ستراتیژ و ئاسۆ ئامانجی ئەم حزبانە لە جیاتی بەڕێچووبردنی کۆمەڵگا کۆمەڵگای کوردستانیان بەم کێشانەوە دەرگیرکرد.هەموو نەخشە و کارێکی ئەوان تەنها لە چوارچێوەی شەڕی دەسەلات و سەرمایەدا بوو .

### حزبەکان و چاکسازی گەندەڵی

ئەمڕۆ گەندەڵی بووەتە نەخۆشی و پەتایەکی توندو ئاشکرای ناو ئەم حزبانە بە ئاستێك کە بێ شەرمانە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە باسی دزی و تالانیەکانی خۆیان دەکەن. لە هەموو سووچ و کۆڵانێکدا گەندەڵی ئەم حزبانە و سەرکردەو مەسئولەکانیان بووەتە جێی قسە و باسی خەڵك.

هۆکاری ئەم گەندەڵیەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەروەکو باسم کرد کە ئەم حزبانە هەر لە سەرەتاوە ئامادە

نەبوون داهات و سەرمایەی کوردستان لە خزمەتی خەڵك و بە ڕێوە بردنی کۆمەڵگادا بەکار بهێنن ، لە جیاتی ئەوە کەوتنە شەری کورسی دەسەلات و داهاتی کوردستانەوە، وەکو ئەحزابی تالآنچی سەرمایە و داهاتی کوردستانیان خستە گیرفانی حزب و مەسئولەکانیانەوە.

ئەوان ئەمرۆ دەیانەوێ ڕووی ڕەش و ریسوای حزبەکانیان سپی بکەنەوە و ئەو توڕەیی و ناڕەزایەتیەی لەناو خەڵکدا بەڕووی حزبەکانیاندا هاتووەتە مەیدانەوە چەواشە بکەن.

ئەحزابی گەندەڵ ناتوانێ کۆمەڵگا بەڕێوە ببات ئەمە خەسڵەتێکی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانەی کوردستانە هەر ئیدیعاو پروپاگەندەیەك ئەوان دەیکەن بۆ تیماری دەورەیەکی دەسەلاتی خۆیانە لە بۆ پاراستنی حزب و دەسەڵاتەکەیان.

- گەندەڵی ئەم حزبانە بە ئاستێکە کە هاوکات چەندین کێشەی گەورەی لەناو حزبەکانیاندا دروست کردووەهەر لە بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی و کوتلەبازی بەڵام سیستەمی ئەم حزبانە کە هیچ جۆرە ئازادی ئەوەی پیێ ی دەڵێن دیموکراسی تیادا نی یە
- کوتلەبازی شەڕێکی دەروونی تری ناوخۆی ئەم حزبانەیە لەسەر تالان و برۆی ئەو سەرمایەیەی لە ژێر چنگی ئەم حزبانەدایە و هەر کوتلەیەك داوای ئیمتیاز و دەسەلاتی زیاتری حزب دەکات بۆ ئەوەی بەشی زیاتری حزبەکەی بکەوێتە چنگ.

بەکورتی تەجروبەی چەندین ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماند کە ئەم حزبانە گەندەل وکرمۆڵ بوون لە ناوەوە تووشی داڕمان و داڕووخان بوون و پارچە پارچە بوون.بێنە و بەرەی چاکسازی ناتوانێ بیماری ئەم دەردە بکات ئەم حزبانە دەبێ دەسەڵات و سەرمایەی کوردستان تەسلیم بە کۆمەڵگا بکەنەوە.ئەم تەجروبەیە ئەوەی سەلماند کە تەمەنی سیاسی ئەم حزبانە لەگەڵ پێویستیەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا نایەتەوە و ئەم بزووتنەوەیە و حزبەکانی دەسەلات و ئیدارەکەی کۆمەڵگا بەرەو کێشەی زیاتر و بەرەو دواوە دەبات.

ئەم بزووتنەوەیە لە سەرچاوەوە لیێڵە، ئەگەر چاکسازی گەندەڵی بکرێت، دەبێ پێش هەموو کەس سەرمایە و پوولی ڕابەرانی ئەم بزووتنەوەیە تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لیێ بپرسرێتەوە ئەمەش کارێکی مەحاڵە کە دەسەڵاتی ئەمان لەو حزبانەدا لە سەروو دەسەلاتی حزبەوەیە.نەمانی گەندەڵی لەم حزبانەدا خود بەخود نەمانی حزبەکانیانە..

## چاکسازی و کۆمەڵگا ( دوو بەرەی دژ بەیەك )

چاکسازی لەم حزبانەدا هیچ دەردێکی کۆمەڵگا تیمار ناکات چونکە ئەم حزبانە ئەحزابی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نین و میلیشیاو هەلومەرجێکی تاییەت ئەم حزبانەی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە راگرتووە. ئەم حزبانە بە پیێی نانی رۆژ سیاسەت دەکەن تەنانەت پروپاگەندەی چاکسازی ئەم دەورەیەیان کە کردوویانەتە نانی سەر سفرەی ئەمرۆیان هەر بۆ ئەم مەبەستەیە.

هەتا ئەمرۆ چارەنووسی چەندین ملیۆن ئینسان لە کوردستان بەدەست ئەم حزبانەوە نادیارو نارۆشنە، هاوکات لە کوردستان لەسایەی ئەم حزبانەدا ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان زنجیرکراون تەنها بۆ ئەم

حزبانەیە ، ژنان و پیاوان نایەکسانن ن لاوان بێ بەش و مەحرومن منالان بەدەست نەخۆشیەوە دەنالێنن سەراپای کوردستان کارەبای نیەو خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەلایەتیەکان فەرامۆش کراون ، قانونەکانی ئیسلام زیندوو باقین لە دادگاکاندا، دوواکەوتوویی و پیاوسالاری و کوشتنی ژنان بەردەوامە، هەموو ئەمانە و زۆری تریش لەسایەی ئەم حزبانە نەك هەر درێژەی هەیە بەڵکو باوەشێن دەکرێن و لە پشتی وەستاون.
هەربۆیە نەمانی ئەم دیاردەو کێشانە راستەوخۆ پەیوەندە بە کزبوون و لەسەرکار لاچوونی دەسەلاتی ئەم حزبانەوە ،بەلام ئەوەی لەم پرۆسەی چاکسازیەدا ناوی خۆیان لەقەرە نادەن مەسەلەی دەسەلاتی ئەم حزبانەیە.
کۆمەڵگای کوردستان چاکسازی و ئاڵوگۆرشێکی دەوێت کە لە دەست هەموو ئەو کێە و نەهامەتی و بەلایانە ڕزگاریان بکات کە دەسەڵاتی ئەم حزبانە سەپاندوویانە بەسەریاندا.هەربۆیە باشتربوونی ژیانی خەڵکی کوردستان بەم حزبانەوەپەیوەندی نەماوە و دژ بەیەك راوەستاون.سەرمایەو داهاتی کوردستان ئەم حزبانە خستوویانەتە خزمەتی میلیشیا و ڕێکخستن و مەسئولەکانیانەوە، کۆمەڵگای کوردستانیش پێویستی بەوە هەیە دەسەڵات و سەرمایەی کوردستان بخاتە خزمەتی خەڵکەوە و لەو هەلومەرجە خەڵکی کوردستان دەرباز بکات.
ئەمرۆ لە کوردستاندا دوو بەرەی جیاواز و دژ بەیەك هەنبە دوو بەرژەوەندی جیاوازەوە.ناسیۆنالیزمێك کە بە شوێن بەرژەوەندی حزب و دەسەلاتی حزبەکانیەوەیەتی
بۆ ئەمە پێویستی بە چاکسازی هەیە . لە لایەکی تریشەوە خەڵکی کوردستان بە شوێن باشترکردنی ژیان کۆمەڵگا و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و سکۆلار و دابینکردنی ماف و خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەلایەتیەکان .بۆ خەڵك..هتد.
ئەم دوو بەرەیە کە ئەمرۆ بە پروپاگەندەی ناسیۆنالیزمی کورد لە مەنجەلچی چاکسازی ناسیۆنالیزمدا جێی نابێتەوە. ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕووی سیاسی و مێژوویی یەوە تەمەنی بەسەر چووە گەندەڵ و کرمۆڵ بووەخێرێکی بۆ کۆمەڵگا پێ نیە و نەماوە.ئەم حزبانە لە جیاتی چاکسازی مەحکومن بەهەڵوەشانەوە.
ئەندام و کادرەکانی ئەم حزبانەش ئەگە ر ئیدیعایەکی ئینسانیان هەیە بەرگری لە خواست و مافەکانی خەڵك بکەن و بە بە ریزی نارەزایەتی خەڵکی کوردسنتانەوەپەیوەست بن .
تەنها ڕێگا لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا یەکگرتوو بوون و کۆبوونەوەیە لە دەوری یەکتر لە ئاستی هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەرامبەر دەسەلاتی ناسیۆنالیزمی کورد و دامەزراندنی دەسەلاتی راستەوخۆی خۆی.لە کوردستاندا.

2006-7-12